سەرکایەتی پەرلەمان داوا لە پەرلەمانتار و لیژنەکان و کوتلەکانی پەرلەمانی دەکات دەست بە ئەرکی یاسادانان و چاودێریکردنی خێیان بکەنەوە



سەرکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند، رۆژی 9ی ئەم مانگە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی نوێنەران دەستپێدەکاتەوە، داواشی لەسەرجەم پەرلەمانتار و لیژنەکان کردوە، ئەرکەکانیان دەستپێبکەنەوە.

سەرکایەتی پەرلەمانی عێراق لەناگەیەندراوکدا بڕیاویکردەوە، لەگەڵ کۆتایی هاتنی پشوی یاسادانانی ئەنجومەنی نوێنەران و دەستپێکردنی یەکەم خولی یاسادانانی ساڵی سێیەمی یاسادانان لە 9ی کانونی دووەمی 2024 داوا لە پەرلەمانتار و لیژنەکان و کوتلەکانی پەرلەمانی دەکەن، دەست بە ئەرکی یاسادانان و چاودێریکردنی خێیان بکەنەوە.

ئاماژەی بەوەشکردوە، "وادەی دانیشتنی ئاسایی داهاتوی ئەنجومەن دیاریدەکرێت بۆ تەواوکردنی ئەرکەکانی یاسادانان و چاودێری کە بە ئەنجومەنی نوێنەران سپێردراون".